وەزارەتی نەوت میکانیزمی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە وەستگەکانی بەنزین و کاتی جێبەجێکردنی ئاشکرا دەکات

وەزارەتی نەوت میکانیزمی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە وەستگەکانی بەنزین و کاتی جێبەجێکردنی ئاشکرا دەکات.

وەزارەتی نەوتی عێراق پشتڕاستی کردەوە کە سەرەتای ساڵی داهاتوو دەبێتە بەروارێک بە جێبەجێکردنی سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە وەستگەکانی بەنزین، ئاماژەشی بۆدا کە پرۆسەکە لەژێر چاودێری بانکی ناوەندیدا ئەنجام دەدرێت.

بەوەبەری گشتی کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان، کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، حوسێن تالیب لە لەدوانێکی بە ئاژانسی "موتەوەع" ڕایگەیاند، "لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا سیستەمی کۆکردنەوە و پارەدانی ئەلیکترۆنی لە وەستگەکانی بەنزین جێبەجێ دەکرێت، هەروەها تاقیکردنەوەیەک بە ئەم سیستەمە ئەنجامدراوە و سەرکەوتوو بووە".

حوسێن تالیب وتیشی: "پرۆسەکە لەژێر چاودێری بانکی ناوەندی عێراقدا بەوەدەچێت، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە ئەو سەرچاوانەی ڕێژانە کەدەکرێنەوە بەشێکی گرنگن لە بەهێزکردنی ئابووری و زیادکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "لە هەموو وڵاتاندا سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی جێبەجێ دەکرێت و ئەم

هەنگاوە لە ڕەنماییەکانی حکومەتدا جێبەجێ دەکرێت بە جێبەجێکردنی سیستەمە شارستانییەکانی جیهان". ئاماژەی بۆشکردووە، "بانکە حکومییەکان هەماهەنگی خەیان نیشانداوە لە بەدەستهێنانی کارتی ئەلیکترۆنی بە هاوڵاتیان"، هەروەها جێختیکردەوە، "پێدانی پارەی ئەلیکترۆنی ڕێگری دەکات لە کێشەکانی گێندەڵی و دانەوەی بڕە پارەیەکی زیاتر، بەیە ئەو کردارە دەبێتە جێگەی متمانەی هاوڵاتیان".